# نەتەوەیەکی ئەنفالکراو
# بە گۆڵێکی عەرەبی دەچێتەوە ژێر ئالآی عروبە *

ئیبراهیم مەلازادە

(ئێمە دەزانین کێین، بەڵام نازانین دەبینە چی؟ هاملێت 1601) ئەگەر شکسپێر زانیبێتی  ئەوان وەکو نەتەوە کێن، ئەوا ئێمە ئەوەش نازانین، نەخاسمە بشزانین دەبینە چی.
ئەو گەلانەی خاوەن ژیار و مێژوێکی ڕاستەقینە و بێ ئالۆزین، زۆر بەڕۆشنی دەزانن ئەوان کێن، دەشزانن چیان دەوێ.
بەڵام دەبێ ئێمە ئازا بین لە داننان بەوەی کە تا هەنووکەش نازانین ئێمە کێین و ناشزانین دەبین بە چی؟ نەخاسمە بشزانین چماندەوێ.

عەقڵی خەڵکی کورد شایەنی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، عەقڵێکە خاوەنی یادەوەری نیە، وەکو مناڵ شت دەبینێ بەڵام ناتوانێ بیخاتە ناو یادەوەری و لە خانەکانی مێژووی خۆی تۆماریان بکات. بۆیە هێندەی کە لە بیرکردنەوە سادەیە، هێندەش خۆشباوەڕ و نابینایە لە ئاست ڕووداوەکان.

کات: یەکشەممە، 29ی تەمموزی 2007.
بابەت: کۆتایی یاری تۆپی پێی نەتەوەکانی ئاسیا.
هەڵبژاردەکان: عەرەبی سعودی و {عیراقی عەرەبی (پێمان خۆش بێ یان نا، ئەوە ئیرادەی لە 85% خەڵکی عیراقە وەکو خۆیان دەڵێن)}
ڕەگەزی تۆپەکە: عەرەبی 100%.
دەرەنجام: سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەبی عیراق.
کاردانەوە: ڕژانە سەر شەقامی هەزاران ڕۆڵەی ئەو نەتەوەیە لە هەموو شارەکانی عیراق لە زاخۆ تاکوو فاو لە ژێر ئالآی پیرۆزی عروبەدا.
کارتی پیرۆزبایی: بۆ هەموو عەرەبەکانی جیهانی عەرەبی.
تێبینی: بەشی کورد لەو تۆپانەیەدا تەنها هاوار بوو، ئەو هاوارەی کە بێجگە لە هەموو یاریزانەکان ئالآی عروبەی لەخۆ لوول دابوو. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە هیچ حکومەتێکی عیراقی خاڵی نەبووە لە کورد و لە هەمان کاتیشدا شەڕی کوردیان کردووە.

ئەوەی لەو ڕووداوەدا جێگای سەرنجە دووفاقیە، یان نەخۆشی شیزۆفرینیایە لە تاکی کورددا. ئەو تاکە تا هەنوکەش نازانێ کێیە؟ دەیەوێ ببێ بە چی؟ چی دەوێ؟
ئەگەر بڕیارە کورد بین، ئەوە هەموومان بینیمان چۆن لە ژێر ئەو ئالآیەدا ئەنفال کراین، تەنهاو تەنهاش لەبەر ئەوەی کورد بووین. هەر ئەو کوردانەش بۆ ساتێکی وروژانی سۆز بۆ وڵاتێکی تا هەنوکەش وەهم کە عیراقە، بۆ هەڵبژاردەیەکی تۆپی پێ کە دڵنیام زۆربەی ئەندامەکانی تا هەنوکەش ئەو بەشەی کوردستان بە باکووری وڵات (شمال الوطن) و بە دەرگای ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی دەزانن ڕژانە سەر شەقامەکان.

ئەگەر بڕیارە کورد بین، دەی بنەڕەتی ترین گرووپی ئەو عراقە کە عەرەبی سوننەن، سەرجەم پارت و ڕێکخراوە

بنەڕەتیەکانی ئەو گروپە و ئیسلامیەکانیشی لە پێشەوەی هەموویان، تا هەنوکەش ناتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە، کە سەرۆکی عیراق کوردە، کە کەرکوک شارێکی کوردستانیە، کە ئەو ئاڵایە ئاڵای عروبە و بەعسی فاشیستە. بۆیە شەو و ڕۆژ کار بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی عیراق دەکەن بۆ باوەشی عروبە، بە جەخت کردنەوەیان لە گۆڕینی دەستووری نوێی عیراق بۆ ئەوەی عیراق بکەنەوە بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب، بۆ جێگیرکردنی پۆستی سەرەک کۆمار بۆ عەرەبی سوننە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماددەی 140، بۆ نەگۆڕینی ئەو ئاڵایە. هەموو ئەم مەرجانەش واتە سڕینەوەی کورد لە نەخشەی عیراق وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی. هەڵبەت بەشێکی زۆری عەرەبی شیعەش لەگەڵ ئەو داواکاریانەی عەرەبی سوننە هاوڕا و کۆک و هاوسەنگەرن.

ئەگەر بڕیارە کورد بین، بە فرمانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو ئاڵایەی عروبە دابەزێنراوە تا ئاڵایەکی هاوبەش لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عیراق دروست دەکرێ و لەسەری ڕێکدەکەون. بەڵام بە وروژاندنی سۆزێک بۆ هەڵبژاردەیەکی سەدا 99% عەرەبی و بۆ گۆڵێکی عەرەبی بە هەموو پێوەرەکان و بە داننانی هەموو ڕاگەیاندنی دونیا کە ئەو گۆڵە عەرەبی بوو، هەموو ئەو سۆزدارە کوردانە ئاڵای عیراق لە ناوەندی شارە کوردنشینەکان، لە هەولێری پایەتەخت، لە سلێمانی هەڵمەت و قوربانی و پایەتەختی ڕۆشنبیری، لە دهۆکا ڕەنگین، بەرز دەکەنەوە. بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمیش لە ناوەندی ڕێگا دەخرێتە ژێر پێ.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە:
ئەوە بۆ 17 ساڵ دەچێ سەرۆکایەتی هەرێم، بە هەردو پێکهاتە سەرەکیەکەی لە کوێن؟ ئەکوا ئەو ئەلتەرناتیفەی کە کوردی لەسەر کۆ دەکرێتەوە؟ ئەکوا ئەو گیانە نەتەوەییەی کە کورد خۆی پێ بناسێ و شانازی پێوە بکات و بە چرکە ساتێکی ئاوا نەڕوخێ؟ هەناسەکان تێکەڵ بە هەناسەی خۆشی هەزاران ئەو کەسانە نەبێ کە تا دوێنێ ئەنفالیان دەکردین. ئەکوا ئەو پرۆژە نەتەوەییەی کە هەزاران گیان لەسەر دەست لە پێناویدا خوێنی ڕشتووە و هەزاران گووند و شارۆچکەمان لە پێناویدا لەگەڵ زەوی تەخت کراون؟ بە ڕووبار فرمێسکی بۆ ڕژاوە؟ هەموو ئەو خەباتە بۆ ساتێک خۆشی بۆ گۆڵێکی عەرەبی دەبێتە هەڵم و لە بیر دەکرێ.

سەرۆکایەتی هەرێم بەرامبەر بەرپرسیاریەتەکی مێژوویی گەورەدایە، ئەگەر دەست و برد نەکەن و بۆشاییەکان پڕ نەکەنەوە و وەڵامی داخوازیەکانی ئەو هەموو گەنجە خوێن گەرمانە نەدەنەوە. ئەگەر لە سنووری حیزبایەتی تەسک دەرنەچن و هەموو ڕۆڵە سۆزدارەکانی ناو شەقامەکان وەکو کوڕی خۆیان و هەموو قەوارەی نەتەوەکەشیان وەکو حیزبی خۆیان نەژمێرن ئەوا ئەو ئومێدەی هەیانە بۆ بوون بە سەرۆکی نەتەوەیی دەبێت بە وەهم و دەتاوێتەوە. بڕیارەکانیشیان وەکو بەفری بەهار لە یەک یاریگای بێگانە دەبنە باران و گەرمی لەشی یاریزانانی خەڵکی تر فێنک دەکەنەوە. بڕیارەکان، هەموو بڕیارەکان بە قوربانی یەک گۆڵ دەکرێن. تا دوایی بۆ خۆشیان پیرۆزبایی لەو خۆشیە عەرەبیە دەکەن. لە ڕووداوێکی ئاواشدا ناچارین بپرسین داخۆ کەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی ڕۆشنبیری زانستی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێم، دوور لە هەموو هەناسە حیزبی و لۆکاڵیەکان ئیشی بۆ دەکرێت و ئەو هەموو گەنجە سۆزدارە بە ئاگا دەهێنرێنەوە.

هەموو ئەوەی دەیڵێم سۆز نیە، ئێمە تا هەنوکەش نەبووین بە نەتەوە، بێجگە لە پێکهاتەیەکی تێکەڵ لە خێڵ و تیرە و خێزان، پێکهاتەیەکی لەرزۆک، پێکهاتەیەکی ناڕاستەقینە. پێکهاتەیەک پڕە لە ترس، ترس لە یەکتر، ترس لە داگیرکەر. پێکهاتەیەکی ناجوور، نا تەبا، بێ زمانێکی نەتەوەیی کە هەموو خەڵک بتوانێ پێی بنوسێ و تێی بگات، بێ قەوارەیەکی نەتەوەیی کە تا هەنووکەش بە بچوکترین پشەبا بۆی هەیە هەموو دەستکەوتەکان هەپرون بە هەپرون بکات. پێکهاتەیەک کوردە و عیراقیش، کوردە و تورکیش، کوردە و فارسیش، کوردە و عەرەبیش. کوردە و مسوڵمانە و مسوڵمانیش نیە! دەیەوێ کورد بێ و زمانیشی پێویست نیە، دەیەوێ کورد بێ و هیچ سیمایەکی کوردبوونیش لە خۆیدا وەدی ناهێنێ،

کوردە وتەنها بە وەهم، کوردە و تا سەر ئێسقان بێ ناوەرۆک. بۆیەش زێدە لە هەموو یاریزانە عەرەبەکان هاوار مەلا موحەممەدی کورد ئالآی عروبە لە خۆی دەبەستێ و جەخت لەسەر یەکیەتی خاکی عیراق دەکاتەوە!! بەڕێز جەرجیش گولی زادەی نوسەریش(1) وەکو نموونەیەک لە ناو زۆر نوسەری تری کورد و لە ژێر کاریگەری ئەو ساتە پڕ لە خۆشی و سۆزەی گۆڵی عەرەبیدا، نەک هەر دەمانکاتەوە بە عیراقی و خۆشی خۆی بۆ عیراقی بونمان دەردەبڕێ لە سایەی گۆڵی عەرەبیدا، بەڵکو داوایەکیش بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئالآیە بەرز بکرێتەوە و ئاشتی و برایەتی بگەڕێتەوە. ئەو ئالآیەی کە دەیبینین سالآنێکی دوور و درێژی چەوسانەوە و ترس و تۆقاندن و خوێنمان دێنێتەوە بیر، ئەو ئالآیەی کە لەگەڵ یەکەم بینینیدا تا هەنوکەس سام دەمانگرێ و ڕژانی خوێنی هەزاران دۆست و برادەر و کەسوکار و هاوڵاتی کوردمان دەخاتەوە بیر.

ئاخر لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کورد و سەرکردایەتی کورد کەی کێشەی بۆ عیراق دروست کردووە؟ کەی کۆسپ بوون لەبەردەم ئاشتی و برایەتی و تەبایی؟ ئەوە نیە سەرۆکی عیراقی کورد شەو لە ڕۆژ گرێ دەداتەوە بۆ ئەوەی عەرەبی سوننەو شیعە لەسەر یەک خوان کۆبکاتەوە؟ ئەوە نیە دانوستان لەگەڵ چەکدارە ئیسلامی و عروبەوی و بەعسیە بە ناو میانەڕەوەکان دەکەن بۆ ئەوەی بێنە ژێر چەتری حکومەتی نیشتمانی؟. ئەوە نیە سەرۆکی هەرێمیش لەگەڵ هەر تەنگژەیەکدا دەگاتە بەغدا و کار لەسەر ئاساییکردنەوە و هێورکردنەوەی تەنگژەکان دەکات، دەبێتە یەک بەربەستی گەورە بەرامبەر هەڵنەگیرسانی شەڕی ناوخۆی عەرەب و عەرەب؟ ئەوە نیە کوردستان دەبێتە مەدینەی منەوەرە و کوردیش دەبن بە ئەنصار بۆ برا عەرەبە مهاجیرەکان، لەولایەشەوە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش قوڕ دەخۆن؟ کوردەکانی دانیشتووی موسڵ و کەرکوکیش ڕاودەنرێن و بە گوللە ڕاو دەکرێن؟ ئاخر کورد کەی کێشەیە تا بە تۆپانەیەکی عەرەبی، روحی بهێنرێتەوە بەر و بەرگی عیراقی بوونی بەبەردا بکرێتەوە؟. ئاخر ئەو سەربازە کوردانە کەم نین کە خوێنیان لە پایەتەختی مەنصور بەدەستی (ئازادیخوازە عەرەبەکان) حەلآڵکراوە و ڕژێنراوە؟ ئەوە کوردەکانن زۆرێک لە شوێنەکانی ئەو عیراقە بە خوێنی خۆیان دەپارێزن و بە ئارەقەی خۆشیان کار بۆ سەقامگیری و یەکیەتی خاکی عیراق دەکەن تا ئەو ڕۆژەی ئەوان بە ئاگا دێنەوە و کوردی هاوپەیمانی داگیرکەریش لە عیراق، هەموو عیراق شاربەدەر دەکەن.

کوردبوون بە دروشم نیە، ئازادی بە سۆز و تەمبەڵی ناچەسپێ، نەتەوەبوونیش بە حیزبایەتی بیر تەسک و بێ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینە وەدینایەت. لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا دەوڵەت و سەرۆک و حکومەت و وەزارەت و عەدالەت هەموویان وەهمن، وەهمێکی هەمیشەیش نا بەڵکو وەهمێکی کاتی، وەهمێک کە سنووری دەڤەرێک یا شارۆچکەیەک یا بەشێکی دابڕا و لە بەشەکانی تر بڕ نەکات.

هەموو خەڵکی کوردستان گوێی لە ڕاگەیاندنی عەرەبی و عراقی بوو کە گووتیان (الکرة هذه السنه عربیه بامتیاز) ئەمە قسەی خۆیانە، ئەمە بوختان نیە هەڵبەسترابێ. ئەگەر بڕیار بێ ئێمەش عەرەب بین لەگەڵ ڕێژم بۆ نەتەوەی عەرەب کە بە هیج جۆرێک بە سووکایەتیپێکردن ئەوە ناڵێم، پیرۆز بێ عەرەببونی هەموو ئەو حەشاماتەی سەر شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و تێکڕای شار و شارۆچکەکانی باکووری عیراق لە ژێر ئالآی شەکاوەی عروبە و بەعسی عەرەبیدا.

ئەگەر بڕیاریشە نەتەوەیەکی جیاواز بین، دەبێ جیاوازبوونمان لە چی دابێ؟ لەو سات و کاتانەی کە نە سنوورێکی پیرۆز و نە زمانێکی هاوبەش و نە ماڵێکی بە حورمەتیشمان هەبێ؟ بە یەک گۆڵی عەرەبیش هەموومان ببینەوە بە عیراقی!!!!

ttp://www.elaph.com/ElaphWeb/AsdaElaph/2007/7/251838.htm (1)

دووشەم
30 تەمموزی 2007
bmalazada@gmail.com

- ئەم بابەتە لە ژمارە 301 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە.